# سیحری تەجاوز..نهێنی بن دیوار!!

## نوری بێخاڵی

چەندی بیری لێدەکەمەوە ناچێتە عەقڵم هیچ کام لەو دیاردانەی لەم وڵاتەی من سەرهەڵدەدەن بێ حیکمەت بن، ئەگەرچی دیاردەکان نەشاز و پێچەوانەی ئاراستەی خواستی خەڵك و بانگەشەکانی پێشکەوتن و دژی یاساش بن..هەر بۆ نموونە:

سیحری بەردەوامی دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر موڵك و ماڵی دەوڵەت، ئەوەی پێی دەڵێن تەجاوز و نەوێرانی حکومەت بۆ بنەبڕکردنی لەوێدایە، کە جگە لەوەی زۆرێك لە تێکۆشەرانی دوێنێ دەستپێشخەری بوون، وەکو تر هەندێ لەو سەرپێچی کارانە کۆنە بەعسی عەیار بیست و چوارن، ئیدی حکومەت لەوە دەترسێ بە سزادانیان ببنەوە پیاوی قاعیدە و حارس زاری و رەنگە ئاساییش و ئارامی کوردستان تێك بدەن، هەندێکیشیان پیاوماقوڵ و سەرۆك هۆز و عەشیرەتن، کە دوور نییە ئەگەر حکومەت دڵیان برەنجێنێ، سبەی رۆژ بە خۆیان و ماڵ و منداڵ و دیوەخان و عێل و عەشیرەتەوە بپێچنەوە و بیگوازنەوە ماڵی حزبەکەی تر و ئیتر تەرازووی رۆژانی هەڵبژاردن و دەنگدانەکان لاسەنگ دەبێت، هەندێکی دیکەی سەرپێچی کاریش شێخ و سەید و مەلا و وەجاخزادەن، حکومەتە ئیماندارە بەناو عەلمانییەکەی ئێمەش لە لێپرسینەوەیان دەترێ و زراوی تۆقیوە، نەبادا وەجاخی ئەو پیاوچاك ووەجاخزادانە بیگرێ و کوێری بکات، بۆیە تخونیان ناکەوێ و جڵەوی بۆ شل کردوون!!

حیکمەتی بێ متمانەیی خەڵکیش بە رۆژنامەنووسان و بێبایەخ و سووك بوونی پەیامی رۆژنامەنووسی لەلایان، لەو عەریزەچی و ئینشانووسانە دایە، کە حیزە بخۆیانە ملیان داوەتە بەر کار و تەنها بۆ ئەوەی مووچەی مانگانە و ئیفادی دەرچوونێکیان لە کیس نەچێت، جگە لەوەی بوێری رەخنەکردنی بەرپرسی دەزگاکانی خۆیان نییە، هاوکاتیش لەناو خەڵکدا بێشەرمانە پاساوی عەقڵیەتە دیکتاتۆری و رشانەوەکانیان دەدەنەوە و بە پیرۆزییان دەکەن!!

نهێنی خۆ لەقەرە نەدانی حکومەت بۆ کۆتایی پێهێنانی دیاردەی مووچەخۆری بن دیوار و حازر خۆرانی بەر سێبەریش لەوە دایە، کە ژنی فلان بەرپرس لای فیسار و کچی ئەو  لای عەید و دایکی ئەم لای زەید و خوشکی ئەویش لای عەمر و بووکی ئەمی بەرپرسیش لەلای یەکێکی دیکە فەرمانبەرە. بە کورتی کارەکە وەکو رستی تەسبیحی لێهاتووە و لە هەر کوێدا تەسبیحەکە بپچڕێ، ئەوا تەواوی دەنککان هەڵدەوەرن و ریسی هەموویان دەبێتەوە خوری، هەر بۆیەشە بەرپرسی هیچ دەزگایەك نابینی پیاوانە جورئەت بداتە بەر خۆی نانی ژن و کچ و خوشك و دایك و بووکی ئەویتریان ببڕێ، نەبادا قازانج سەر مایەی لێ بخوات و هی ئەویش فنیش بکرێن!!

حیکمەتی نەبوونی ئیۆزسیۆن و دروست نەبوونی هێزی سێیەمیش لە کوردستان چەند لایەنەیە، لەلایەك لەو حەشاماتی حزبانەدایە، کە سەرە مانگان وەکو خانەنشین و بێوەژن و پەککەوتە و کەم ئەندامان لەبەردەم مەکتەبی دارایی دوو حزبەکە (ببورن لە بەردەم بانکەکانی حکومەت!!) سەرە دەبەستن و چاوەڕێی سەدەقە و زەکات دەکەن، لەلایەکی دی لە بێ هەڵوێستی و نیفاقی ئەو گروپ و هێزە سیاسییا ریفۆرمخوازانە دایە، کە پێیان ئاساییە بانگەشە و دروشمە بریقەدارەکانیان و تەنانەت خوێنی کادیرەکانیشیان بکەنە قوربانی بڕێ پارە و کورسییەکی دەسەڵات، هاوکاتیش حیکمەتەکەی لەو مەلا و پیاوە ئایینییانە دایە، کە لە هەموو قۆناغ و سەردەم و شوێنکات و وەرزەکاندا، دوای وتار و وەعزەکانیان، دەستی نزا و پاڕانەوەی پاراستنی حکومەتەکان و تەمەن درێژی سەرکردەکان بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە و گوێ قوڕغی (ئامین)ی جەماعەتی دوایانەوەن!!

سیحری خۆ سووتاندنی ژنان و کوشتنی بەردەوام و رۆژانەی کچانیش لە سەر ناموس پەرستی، بە دێوێکیان لەو رێکخراوە زۆر و زەوەندەی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان دایە، کە جگە لەوەی هەڵسوڕاوەکانیان پاساوی فرەژنی سەرکردە حزبییەکانی خۆیان دەدەنەوە و رێکخراوەکانیان کردۆتە ماڵی تری حزب، هاوکات هەندێکیان لە دەست مێرەکانیان سووتاندووە، یان بە روو قایمی داوای چەسپاندنی یاسای فرە ژنی دەکەن و....هتد، دیسانەوە بە دیوەکەی تر لەو مەلا و پیاوە ئایینییانە دایە، کە رۆژێك لە رۆژەکان و بۆ رەزامەندی (خوای تەعالا و فەخری کائینات!!) لەسەر مینبەر و لە وتار و وەعزەکانیان جورئەتی شیکردنەوەی راست و دروستی حوکمی (زانی)یان نەکردووە و ناکەن و تەنها و تەنها هەر (زانیە) بەسەرچاوەی فیسق و فەساد و لادان و ماڵوێرانی بە خەڵك دەناسێنن!!

دواجاریش حیکمەتی ئەوەی ئەمڕۆ کەسانێك بە چاوێکی سووك سەیری خەڵکی گوندەکان و پرۆسەی کۆچی پێچەوانەیان بۆ شار دەکەن، کە بێگومان کەسی ئاسایی و رۆشنبیر نین، بە تەنها پەیوەندی بە کەمتەرخەمی حکومەت لە ئاوڕ لێدانەوەی لادێکان و کەمی خزمەتگوزارییە سادە و سەرەتاییەکانی ژیان نییە، بەڵکو حیکمەتێکیشی لەو کەسانە دایە، کە تاکو دوێنێ لەسەر خوان و نان و دۆی گوندەکان دەلەوەڕان و شاباشی هێنانەدی یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی و وەك یەکی و کۆمەڵگەی بێ چین و چەسانەوەیان بەسەر

**خەڵکدا هەڕاج و هەرزانفرۆش دەکرد، کەچی ئەمڕۆکە بەرپێی خۆیان دیوە و کەوتوونەتە ناو ناز و نیعمەتەوە، نمەك بە حەرام و شپڵە دەرژوون و زۆر بەبێ شەرمیش بەرد دەگرنە ئاوی ئەو کانیاوانەی، کە دوێنێ تینوێتیان تێدا شکاند!!**

**بێگومان دونیایەك دیاردە و حیکمەتی تر ماون، کە ڕەنگە لێرەدا فریایان نەکەوین، بۆیە هەر بەوەندە کۆتایی دێنین و لەو ڕەوشی گرانی و نەبوونی و بێ سووتەمەنی و کارەباییەدا بە خەڵك دەڵێین قەیدی چییە بەرد بخەنە سەر سکتان و نانی ڕەق بە حیکمەتی ئەو دیاردانە بخۆن و دانیشن بەخێر!!**